# ڕەهەندەکانی جوانی کچ لە هۆنراوەی (بۆ کچێکی بێگانە)ی گۆراندا

**پ.ی.د.لەتیف محەمەد حەسەن**

**کۆلیژی زمان- زانکۆی سەلاحەدین**

دەقی هۆنراوەکە:

## بۆ کچێکی بێگانە

زۆر قژی زەرد سەرنجی ڕاکێشاوم،
زۆر چاوی شین داویە پرشنگ لەچاوم،

شان و مل و گەردنی ڕووتی بێ گەرد،
سنگی نەرم و، مەمکی قوتی توند وەك بەرد،

بەژن و بالای کەڵەگەت و شۆخ و شەنگ،
لەش و لاری کەمێك گۆشتن، کەمەر تەنگ،

پێستی سپی بەخوێنی گەش مەیلەو ئاڵ،
کوڵمی قەڵەو، چەناگەی ناوەڕاست چاڵ،

دەم و لێوی وەك گوڵی بەربەیانی،
ئەمانە گشت ٠٠ گەلێکی تریش جوانی،

وەك لە نجەو لار، زەردەخەنە، نەغمەی دەنگ،
شەرمی تاو تاو، نازکردنی ڕەنگاوڕەنگ ٠٠٠

هەمووم دیون کاریان کردۆتە هەستیم،
سەردەمێکی عومرم بوونە هۆی مەستیم ٠

هەموو: یەك یەك، یاخۆ دەستە بە دەستە
ناخی گیانیان بۆ پڕ کردووم لە بەستە ! ٠٠

ئەمانەم گشت لا جوان بووە لا جوانە،
بەلام هەرگیز تەنیا جوانیی ئەمانە

بۆی نەشکانووم توینیەتی و ئارەزووی دڵ،
هەر گەڕاوە مەلی برسیم چلاو چڵ !

لەهەچ باخێك گوڵێکی سوورم دیبێ،
بۆی چووم هەزار دڕك لە پێم چەقیبێ !

هەر ئەوەندەش گیرۆدەی گوڵی سوور بووم:
ناشارەزاو، پە پوولەی دوور بە دوور بووم !

ئەمجا ئیتر کەوتوومەتە بەیـــایی
بۆ جوانیێکی تری پێش ئاشنایی ••

جوانەی تریش هەروەکو ئەم جوانانە،
نەیتوانیوە دامرکێنێ ئەم گیــــانە،

هەر سەرگەردان، هەر ئاوارە، هەر برسی ••
(بۆچی ؟) باشە، پێت بڵێم با، ئەپــــرسی:

چونکە کاتێ دێنێتــــەدی خۆزگـــەی دڵ،
جوانیی گیانیش هاوکاری بێ، جوانیی گڵ،

لەش با هەردەی بەهار بێ ئارایشــتی،
ئاسمانێکی ئەوێ فەڕ با بە گشتی ! ••

بۆ کلۆڵیم، ڕەنجەڕۆییم، بەدبەختیم،
تا ئێستاکە هەر نازداری من ناســیم،

بە ڕواڵەت چەند پرشنگ دارو شیك بوو،
پێچەوانەی ئەوە دڵی تاریـــك بــوو ؟

کۆشی گەرم و دەروونی ساردو سڕ بوو،
زمانی نەرم، نیهادی ئێجگار دڕ بـوو !

لەبەرئەوە، ئەی قژ زەردی بێگـانە،
جیلوەی جوانیت لە بیرم چێ ئاسانە،

بەڵام ئەوەی لێی وروژاندم هەستم،
ئەو کتێبی شیعرەیە داتە دەســتم !

گران هەتا دوا هەنـــاسەی ژیـــانم،
لە بیرم چێ ئەو جوانەی دای نیشانم:

دیوانەکەی (برۆنس) کە نەغمەی شیعری،
ئەڵێی کچە پێ ئەکەنێ، یان ئەگری ! ••

(( بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان ))

**دەروازە:**

پێکهاتەی ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە سێ پانتایی دەگرێتەوە، یەکەمیان: (ڕەهەندی جوانی کچ) ەو دووهەمیان ناونیشانی هۆنراوەکە (بۆ کچێکی بێگانە)[1] خۆیەتی و سێیەمیان (گۆران) ە لەو ڕوانگەیەوە کە خاوەنی دیدی ڕەهەندەکانی جوانی ناو دەقەکەیە بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەکە لەگۆران بدوێت لەدەرەوەی دەقەکەدا...

١- پانتایی یەکەم: (ڕەهەندی جوانی کچ) لەبەر ئەوەی دەقی هۆنراوەکە ئەوەمان بۆ ئەسەلمێنێ کە دیدی گۆران بۆ جوانی پەنا نابات بەر تیۆرێکی پێشتر ئامادەکراو بەڵکو خودی ژن و ژیان خۆیان سەرچاوەی جوانین لەلای گۆران، هێڵ بە هێڵ ئەندامەکانی لەش و سەرا پا ڕواڵەت و جوڵە و ناز و دەنگ و هەست و نەست و ژیری وێنەی جوانی ئەکێشن، لەروانگەی ئەم بۆچونەوە ڕەهەندەکانی جوانی لەگەڵ ڕەهەندەکانی کەسایەتی دا یەك دەگرنەوەو دەتوانرێت لەچوار ڕەهەندا کۆبکرێنەوە، لێرەدا پێشەکی پێویستە ئەوە بوترێ کە ئەم ڕەهەندانە پێکەوە لکاون و لەواقیعی ژیاندا جیاناکرێنەوە،[2] بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە مەبەستێکی زانستی جیاکراونەتەوە:

١. ڕەهەندی سروشتی (فیزیکی).
٢. ڕەهەندی دەرونی (سایکۆلۆجی).
٣. ڕەهەندی کۆمەلایەتی (سوسیولۆجی).
٤. ڕەهەندی هزری (ئایدۆلۆجی).

٢- پانتایی دووهەم: دەقی هنراوەکە (بۆ کچێکی بێگانە) : ئەگەرچی وشەی (کچێك) خۆی لەخۆیدا کۆکەرەوەی هەموو ڕەهەندەکانە وەك کەسایەتیەکی جوان، لەهەمان کاتدا وشەی (بێگانە) دەبێتە کلیلێك بۆ ڕەهەندی کۆمەلایەتی و، تارادەیەکیش بۆ ڕەهەندی (هزری) کە لەشیکردنەوەی هۆنراوەکەدا دەخرێنە ڕوو، ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لێرەدا پێش شیکردنەوەی هۆنراوەکە، ئەم دەقە تەواوکەری هۆنراوەی (جوانی بێ ناو)ە،(٣) و دەتوانرێت بوترێت دوو دەقی کراوەی ئاوەڵان لەسەریەك و جۆرێك لەنێو دەقی - دەق ئاوێزان - (التناص/ البینصیة) (٤) پێك دەهێنن چونکە ((دەق پێکهاتەیەکی داخراوی کۆتایی هاتوو نییە، بەڵکو شوێنەواری چەند دەقێکی پێشتر هەڵدەگرێ و خوڵەمێشی ڕۆشنبیری دەگرێتەخۆ)).(٥)

لەم ڕووەوە چەند هێڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت:

- بزوێنەری هەستی هەردوو هۆنراوەکە کیژی بێگانەیە.
- لەڕووی ڕواڵەتی هەردوو کیژی هەردوو دەقەکەوە چەند لێکچونێك هەیە وەك:

| جوانی بێ ناو | بۆ کچێکی بێگانە |
|---|---|
| قژ کاڵ | قژ زەرد |
| نیگا کاڵ | چاو شین |
| سەرگۆنا نەختێك ئاڵ | پێستی سپی بەخوێنی گەش مەیلەو ئاڵ |

کرۆکی وتار (خطاب) ی هەردوو دەقەکە دەربارەی جوانی لەدوو وێنەی چڕکراوەدا بەدی دەکرێت و چەند تاڵێکی هاوبەش هەردوو وێنەکە لەیەك مەبەستدا گرێ دەدات پێکەوە...

| | |
|---|---|
| گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە | لەهەچ باخێك گوڵێکی سورم دیـــــێ |
| کە لەژێر سێبەری توترکا خامۆشە | بۆی چوم هەزار دڕك لە پێم چەقیێ |

یەك وتارەو (تەڵێ وەنەوشە) و (گوڵێکی سور) جێ گۆڕکێ دەکەن هەروەها (توترك) و (دڕك)، گۆران وێڵە بەدوای تەڵێ وەنەوشە یان گوڵێکی سوردا کە دەوریان بە توترك یان هەزار دڕك تەنراوە...

گرنگی ئەم دەقە (بۆ کچێکی بێگانە) لەوەدایە، کۆمەڵێ پرسیارو سەرنج دەوروژێنێت دەربارەی کەسایەتی گۆران خۆی و ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ و چلاوچڵ کردنی بەدوای جوانیدا، هەروەها دەربارەی دیدی بۆ جوانی، لەهەمان کاتدا دەقەکە خۆی کلیلی ئەم پرسیارو سەرنجانەمان دەداتە دەست، و ئەم لایەنەش بەرەو پانتایی سێیەم رامان دەکێشێت.

٣- پانتایی سێیەم (دیدی گۆران بۆ جوانی): لەدوو توێی ئەم دەقەدا یەکەم سەرنج و پرسیار کە بەرەنگارمان دەبێت، بۆچی کیژی بێگانە جوانتر دەردەکەوێت لەدیدی گۆراندا ؟ ئەم پرسیارەش کۆمەڵێ وەڵام و بۆچون هەڵدەگرێت:

ئایا ئەمە کارێکی سروشتییە لای هەموو کەس و میللەتێك کە شت و کەسانی نائاشناو نوێ و جیاواز جوانتر دەردەکەون ؟

ئایا ئەمە رەهەندیکە لەرەهەندەکانی کەسایەتی کورد بەشێوەیەکی گشتی کە نائاشنا (بێگانە) ی لا خۆشەویستره ؟

یان نهێنی ئەم دیدەو پەسەندکردنی ئەم جوانییە لای گۆران دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی ئەو کیژە بێگانەیە کە هەرچوار رەهەندەکەی لەخۆیدا لەیەك کاتدا کۆکردۆتەوە، یان بەلایەنی کەمەوە هۆیەکە بۆ ئەم کۆکردنەوەیە لەهونەردا وەك لەکۆتایی دا ئاماژەی بۆ دەکەین.

لەوەدەچێت ئەم خاڵە بەتایبەتی لەم دەقەدا لەهەموو بۆچونەکانی تر لە پێشترو گرنگتر بێت و لەهەمان کاتدا زیاتر لەگەڵ بونیاتی هۆنراوەکەدا دەگونجێت کە لەیەك کاتدا هەرچوار رەهەندەکەی جوانی یەك بەدوای یەکدا کۆکردۆتەوە، ئەمەش هۆیەکی سەرەکییە بۆ هەڵبژاردنی دەقەکە بۆئەم شیکردنەوە رەخنەییە.

تەوەرەی یەکەم: رەهەندی سروشتی (فیزیکی):

رەهەندی جوانی سروشتی سەراپا رواڵەتی ژن و جوڵەو لەگەڵ پۆشاکی دەگرێتەوە کە دەتوانرێت بەهەر پێنج هەستی مرۆڤ هەستی پێ بکرێت، لەگەڵ ئەوەدا ئەم رەهەندە گرنگی تەواوی خۆی هەیەو مایەی سەرنج راکێشانی مرۆڤەو (٦) بەشێکی زۆری پێکهاتەی جوانی و خۆشی ژیانە، و لەم دەقەشدا دەستپێکی رەهەندەکانە:

زۆر قژی زەرد سەرنجی راکێشـــــاوم،
زۆر چاوی شین داویە پرشنگ لەچاوم،

بەلاّم لەهەمان کاتدا نابێتە مایەی تەواوی جوانی و تەبایی ژیان، لەبازنەی ئەم بۆچوونەدا ئەگەر سەیری وشەی (زۆر) وەك کلیلە وشەیەك (كلمة المفتاح) بکەین دەبینین دەستپێکێکی بایەخدارە لەڕستی ئەم وێنەیەدا، لەیەك کاتدا دوو واتای دژ بەیەك کۆدەکاتەوە لەبنیاتی ڕستی ڕەهەندی سروشتی دا، بنیاتی ئەم ڕەهەندە بە (زۆر.... ) دەست پێدەکات و بەکۆپلەی:

(( ئەمانەم گشت لا جوان بوەو لا جوانە،
بەلاّم هەرگیز تەنیا جوانیی ئەمـــــانە
بۆی نەشکانووم تووینیەتی و ئارەزووی دڵ،
هەر گەڕاوە مەلی برســـــیم چلاّو چـــڵ ! ))

کۆتایی دێت لەهەمان کاتدا ئەم کۆپلەیە تێهەڵکێشە لەگەڵ ڕەهەندی دووهەمدا، بنیاتی ئەم ڕەهەندە لەنێوان گرنگی و ناگرنگی دا دەسوڕێتەوە، کاتێ لەگەڵ ڕەهەندەکانی تری جوانیدا دێت و کاتێ بەتەنیا بێت.

جوانی ئەم ڕەهەندە لەڕوی تەکنیکییەوە بەشێوەیەکی تێهەڵکێش لەسەرەوە بۆ خوارەوەو لەبەشەوە (الجزء) بۆ گشت ( الکل ) دەخرێتە ڕوو ئەم تەکنیکە بۆ خۆی وەك تەکنیکێکی وێنەگرتنی سینەمایی ( ٧ ) دەردەکەوێت، پێش هەموو شت قژی زەردی جوانان دەردەکەوێت:

زۆر قژی زەرد سەرنجی ڕاکێشاوم

وێنەکە خواردەبێتەوە بەرەو چاوی شین:

زۆر چاوی شین داویە پرشنگ لەچاوم

ئەوەی ئاشکراشە لەم وێنەیەدا زیاتر ڕەنگ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت ( قژی زەرد ) نەك قژی کورت و درێژ یان لول و خاو، هەروەها ( چاوی شین ) نەك چاوی گەورەو بچوك یان نەرم و مەست، وێنەکە سەر بەجێ دێڵێ بەرەو خوارتر:

شان و مل و گەردنی ڕووتـــی بێگـــــەرد
سنگی نەرم و مەمکی قوتی توند وەك بەرد

ئەگەرچی لەوێنەی یەکەمدا هەستی بینین لەکاردایە لەم وێنەیەدا دەست لێدان ( اللمس ) و بینین پێکەوە کاردەکەن کە دوو ڕواڵەتی جیاواز بۆ هەریەکی لە ( سنگ ) و ( مەمك ) دیاری دەکەن ئەمیان ( نەرم ) و ئەویان ( قوت ) و ( توند ) وەك بەرد.

ئەم وێنەیە بەکێشانی ئەم نەخشەی بەرزی و نزمییە بۆ سنگ و مەمك لەگەڵ ئەم نەرمی و توندییەدا زیاتر جوانی خەست دەکاتەوە، هەروەها لەسەرهەمان جیاوازی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەنێوان ڕووتی شان و مل و بەشە دا پۆشراوەکانی تری لەشدا چێژی هەست بەجوانی زیاتر دەوروژێنێت وەك ڕۆلان پارت لەچێژی دەقەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات ((بزوێنەری ئارەزوو زیاتر ئەو شوێنەیە لەلەش کەلە باوێشکدان (دەم

کردنەوە) ی جل و بەرگەوە دەردەکەوێت ... ئەو بەشە پێستەیە ئەدرەوشێتەوە لەنێوان (درزی) دوو پارچە قوماشەوە)).(٨)

دوای ئەمە وێنەکە لەبەشەوە دەگەڕێتەوە بۆ گشت:

بەژن و بالای کەڵەگەت و شۆخ و شەنگ
لەش و لاری کەمێك گۆشتن کەمەر تەنگ

ئەگەرچی بەرزی بالاو شۆخ و شەنگی و مام ناوەند (کەمێك گۆشتن) ی لەش و لار دەبنە سیمای جوانی شێوەی لەش و لار بەگشتی، ئەوەی لێرەدا زیاتر سیمای جوانی ئەنوێنێ لەسەرهەمان بنەمای جیاوازی وێنەکەی پێشو ئەو بەرزو نزمییەیە کە لەنێوان لەش و لاری کەمێك گۆشتن و کەمەر تەنگی دایە، بە یەکگرتنی ئەم وێنەیە لەگەڵ وێنەی رابردوودا (سنگی نەرم و مەمکی قوتی توند وەك بەرد) ئەمیان (کەمەر تەنگ...) لەنیوەی خوارەوەی لەشداو ئەویان لەسنگدا دوو جیاوازی بەرزو نزمی لە پێشەوە و پشتەوەی سەراپا لەش و لاری کیژدا پێك ئەهێنن بەشێوەیەکی هارمۆنی کە مەغزای تایبەتی خۆیان هەیە لەڕوی پێکهێنانی جوانییەوە.

لەوێنەیەکی تێکەڵ لەبەش و گشت دیسان هەستی بینین دەکەوێتەوە گەڕو لەنێوان ڕەنگەکاندا ڕەنگی سورو سپی دەبێتە بەخشەری جوانی بە پێست و ڕواڵەتی کچ، لەگەڵ ئەم رەنگەدا لەسەر هەمان شێوەی بەرزو نزمی دوو وێنەکەی پێشوو، وێنەی (کوڵمی قەڵەو) (چەناگەی ناوەڕاست چاڵ) دەبنە رازاندنەوەی دەمو چاو لەبەشی سەرەوەی لەشدا:

پێستی سپی بەخوێنی گەش مەیلەو ئاڵ،
کوڵمی قەڵەو، چەناگەی ناوەڕاست چاڵ،
دەم و لێوی وەك گوڵی بەربەیانـــــــی،
ئەمانە گشت ٠٠ گەلێکی تریش جوانی،

جوانی ئەم رەهەندە لەئاستی رواڵەتی ئەندامەکانی لەشدا قەتیس نامێنێ بەتەنیا، بەڵکو جووڵەو هەڵسوکەوتیش رۆڵێکی سەرەکی دەبینن بۆ زیاتر بەخشینی جوانی بە سەراپای کچان:

ئەمانە گشت گەلێکی تریش جوانی
وەك لە نجەولار، زەردەخەنە نەغمەی دەنگ
شەرمی تاو تاو، نازکردنی رەنگاوڕەنـــــگ

هەریەکی لەم جوولانە نەك تەنیا لەم هۆنراوەیەدا بەڵکو لەزۆربەی وێنەی جوانی کیژاندا لای گۆران دەبنە دیاردەیەکی ئاشکرا (٩)، ئەوەی گرنگە هەریەکێ لەم جولانە (لە نجەولار / زەردەخەنە / نەغمەی دەنگ / شەرم / نازکردن) جووڵەی واتادار و پڕ چێژو خرۆشن و هەموو کیژێك ناتوانێت بەشێوەیەکی گونجاوی هارمۆنی کاریگەر ئەم جولانەی لێ بوەشێتەوە، ناتوانرێ لێرەدا ئەوەش پشت گوێ بخرێت کە ئەم جولانە تەنیا لەئاستی رەهەندی رواڵەتدا نامێنێتەوە بەڵکو لەهەمان کاتدا گوزارش لە کەسایەتی خاوەنیان دەکەن (١٠) و لەسەرچاوەی وزەی خۆشەویستی و چالاکی دەروونی و ژیانی خاوەنەکانیانەوە هەڵدەقوڵێن.(١١)

لەخاڵەکانی کۆتایی ئەم رەهەندەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وشەی دەستپێکی هۆنراوەکە (زۆر....) کە ئاماژەی بۆکرا لەمەوپێش وەك کلیلە وشەیەك دەبینین لەبواری رەهەندەکانی جوانی کچ دا جەدەلی {تاك (کەم) / کۆ (زۆر)} پێك دەهێنێت زۆرن ئەو کچانەی رەهەندی جوانی فیزیکیان تیا بەدی دەکرێت و کەمن ئەوانەی هەموو رەهەندی جوانیان تێدایە، لەبەرئەمەیە هیچیان مەبەستی جوانیان نەپێکاوە، گۆران یەك کچی دەوێت لەیەك کاتدا هەموو رەهەندەکان کۆکاتەوە لەخۆیدا:

هەمووم دیون کاریان کردۆتە هەستیم،
سەردەمێکی عومرم بوونە هۆی مەستیم
هەموو: یەك یەك، یاخۆ دەستە بە دەستە
ناخی گیانیان بۆ پڕ کردووم لە بەستە ! ..
ئەمانەم گشت لا جوان بوەو لا جوانە،
بەلاَم هەرگیز تەنیا جوانیی ئەمانە
بۆی نەشکانووم تووینیەتی و ئارەزووی دڵ،
هەر گەڕاوە مەلی برسـیم چلاَو چـڵ !

لێرەدا نەبوونی ئەم جوانە دەبێتە هۆی دروستکردنی بۆشاییەکی دەرونی، و لەبنیاتی هۆنراوەکەشدا دەبێتە خاڵی وەرچەرخان بەرەو رەهەندی دووهەم.

رەهەندی دووەم: رەهەندی جوانی دەرونی (سایکۆلۆجی):

ئەم رەهەندە هەڵقولاَوی پەیوەندی نێوان خود و بابەتە و سۆزی مرۆڤ رۆڵی سەرەکی دەبینێت لەدیاری کردنی جوانی خاوەنی و لە هەمان کاتدا لە دیاری کردنی دیدی خودی بەرامبەر بۆ ئەو جوانی یە جوانی، لەم دەقەدا ئەو وشەو دەستەواژانەی ئاماژە بۆ ئەم رەهەندە دەکەن بریتین لە (تینویەتی، ئارەزوی دڵ، مەلی برسی، گیرۆدە، پەپوولەی دوور بەدوور) کە پەردە لەڕوی بۆشاییەکی دەرونی هەڵئەماڵن لەدەرونی گۆراندا، و خودی گۆرانی کردۆتە گەڕۆکێکی ئاوارە بەشوێن جوانێکدا پڕاوپڕ مەبەستی گۆران بێنێتە دی:

لەهەچ باخێك گوڵێکی سورم دیـــبێ
بۆی چووم هەزار دڕك لە پێم چەقیبێ

لەم شاکۆپلەیەدا (گوڵێکی سور) دەبێتە هێمای ئەو کچەی مەبەستێتی و بۆتە هۆی دڵەڕاوکێ و جێگۆڕکێ بەشوێنیدا بەلاَم وا دەردەکەوێت گۆران بەم ئاواتە نەگەیشتبێت:

هەر ئەوەندەش گیرۆدەی گوڵی سوور بـووم:
ناشارەزاو، پەپوولەی دوور بە دوور بووم !
ئەمجا ئیتر کەوتوومەتە بەیـــایی
بۆ جوانێکی تری پێش ئاشنایی ..

هەرچەندە روکەشی ئەم کۆپلەیە ئەوە ئەنوێنێ کە گۆران خۆی ئەم گەڕۆکیەی ویستبێ، بەلاَم لەڕاستی دا ئەم ویستة ویستی گۆران نەبووە لەروانگەی ئەو نێو دەقی (البينصية) ەی ئاماژەی بۆکرا لەمەوبەر ئەگەر بچینە ناو کرۆکی ئەم کۆپلەیە (لەهەچ باخێك گوڵێکی....) و کۆپلەی (گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە

پەرۆشە ) لەهۆنراوەی ( جوانی بێ ناو ) دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت نەگەیشتن بەو ( گوڵە سورە ) یان ئەو ( تەڵە وەنەوشەیە ) بۆتە هۆی ئەم گێرۆدەیی و گەڕۆکییە... بەواتایەکی تر تاکە جوانێك نەبووە هەموو رەهەندەکانی جوانی کۆبکاتەوە تا برسێتی گۆران دامرکێنێ و ئەم بۆشاییە دەرونیەی بۆ پڕ بکاتەوە بۆیە بەناو جوانان‌دا شەن و کەوی کردووە:

ئەمجا ئیتر کەوتوومەتە بەیایی
بۆ جوانێکی تری پێش ئاشنایی ..
جوانەی تریش هەروەکو ئەم جوانانە،
نەیتوانیوە دامرکێنێ ئەم گیـــــانە،

ئەم ڕێکنەکەوتنە بۆتە هۆی دروستبونی بارێکی نامۆیی ( الإغتراب ) لەخودی گۆراندا:

هەر سەرگەردان، هەر ئاوارە، هەر برسی
بۆچی ؟ باشە پێت بڵێم با ئەپرســـــی.

ئەم بارە نامۆییە سێ ئاستی سەرەکی لەخودی گۆراندا گرتۆتەوە، یەکەمیان لەئاستی وجودی دا کە ( هەر سەرگەردان ) بەواتای گوم بوون، ئاماژەی بۆ دەکات و دووهەمیان لەئاستی کۆمەڵایەتی دا کە ( هەر ئاوارە ) ئاماژەی بۆ دەکات و سێیەمیان ئاستی دەرونی – سێکسی یان سۆز (عاطفي) کە ( هەر برسی ) ئاماژەی بۆ دەکات.

چارەسەرکردنی ئەم سێ ئاستی نامۆییەو بەدیهێنانی خواستی دڵ کاتێك دێتەدی هەردوو جەمسەری ( رواڵەت و دەروون ) دەرەوەو ناوەوە یەك وێنە بنوێنن، نەجوانی لەش کە ( جوانی گڵ ) دەبێتە هێمای و نەجوانی دەرون ( جوانی گیان ) بەتەنیا دەتوانێت ئەم مەبەستە بپێکێت، بەڵکو بەهاوبەشی هەردوولا دێتە دی:

چونکە کاتێ دێنێتە دی خۆزگـــەی دڵ
جوانی گیانیش هاوکاری بێ جوانی گڵ

بە کۆبوونەوەی {جوانی گیان / گڵ ( الروح / الجسد )} ئاواتی دڵ دێتەدی و بەتەنیا جوانی لەش هەرگیزاو هەرگیز لەدیدی گۆراندا جوانی تەواو نابەخشێ، ئەوکاتە جوانی تەواو دەبێت فرە لایەن بێت و فراوان وەکو ئاسمان کۆکەرەوەی هەموو رەهەندەکان بێت:

لەش با هەردی بەهار بێ ئارایشتی
ئاسمانێکی ئەوێ فەڕ با بەگشـــتی

ئەم بەرفراوانیە لێرەدا شۆڕدەبێتەوە بۆ رەهەندی کۆمەڵایەتی کە دەتوانین بەر لەوەی هەنگاوی بۆ بنێین بڵێن ئەم رەهەندە پەیوەستە بە رەهەندی دەرونییەوەو شەپۆلدانی دەرونە لەبواری هەڵسوکەوت و ژیاندا.

رەهەندی سێیەم: رەهەندی کۆمەڵایەتی ( سوسیولۆجی ):

جۆری هەڵسوکەوت و بایەخە کۆمەڵایەتییەکانی جوانی پێکهێنەری ئەم رەهەندەن، لێرەدا لەو کۆپلانەدا کە دەچنە بازنەی بنیاتی ئەم رەهەندەوە، وا دەردەکەوێت جوانی ئەم رەهەندە پابەندە بە یەك ڕوویی و یەك لایەنی دەرەوەو ناوەوەی کچ لەم هۆنراوەیەدا کۆسپی نەبوونی جوانی کۆمەڵایەتی ڕێکنەکەوتنی

جوانی لەش و دەرونە کە جۆرێك لەدوو ڕویی و هەڵخەڵەتاندن لەهەڵسوکەوتدا دروست دەکات کە دەبنە ڕوخاندنی پەیوەندییە کۆمەلآیەتیەکان و تێکدانی هەستی جوانی و تەنانەت ناشیرین کردنی جوانی ئەو کچانەی لەرواڵەتدا بەهرەمەندن:

بۆ کلۆلیم، ڕەنجەڕۆییم، بەدبەختیم،
تا ئێستاکە هەر نازداریٚ من ناسیم،
بە رواڵەت چەند پرشنگدار و شیك بوو،
پێچەوانەی ئەوە دڵی تاریك بوو ؟

کۆشی گەرم و دەرونی ساردو سڕ بوو،
زمانی نەرم، نیهادی ئێجگار دڕ بوو !

بیرۆکەی دوو ڕوویی و دوو لایەنی و نەگونجانی رواڵەت و دەروون یان لەش و گیان لەگەڵ یەکتر دەبنە پەنابردنی بنیاتی کۆپلەکە بۆ دوانە دژ بەیەکەکان، ڕستی ئەم ڕەهەندە چەند وێنەیەکی دوو ڕوو دروست دەکات بۆ ئەو کچانەی نەبوونەتە مایەی جوانی و بەختەوەری لەدیدی گۆراندا کە لەم چەند دوانە دژبەیەکانەدا دەردەکەون:

| | |
|---|---|
| رواڵەت | دڵ |
| پرشنگدار | تاریك |
| کۆش | دەروون |
| گەرم | ساردوسڕ |
| زمان | نیهاد |
| نەرم | دڕ |

ئەم دیوی وێنەکە چەند لایەنێکی جوانی فیزیکی دەخاتە ڕوو بەلآم ئەودیوی (دەرونی کۆمەلآیەتی) بە پێچەوانەوە (دڵ تاریك / دەروون ساردوسڕ / نیهاد دڕ) بەجاریٚ جوانیەکە ئەژاکێنیٚ، ئەو لایەنەی گرنگە لەم وێنە دوو دیوەدا پسانی جوانی و خۆشەویستیە لەئارەزووی سێکسی لەلای گۆران کە زۆرجار بەیەکەوە دەلکێن و بەزەحمەت جیادەکرێنەوە (کۆشی گەرم / دەروونی ساردوسڕ بوو) هەرگیز کۆشی گەرم بەتەنیا خۆشەویستی و جوانی دروست ناکات ئەگەر دڵیش گەرم و جوان نەبێت، هەروەها خاڵێکی کەی گرنگ لەڕووی کۆمەلآیەتی یەوە جیاوازی وتەی زبان و مەبەست (نیەت / نیهاد) ی دڵە لەلای ئەو کچانەی گۆران ناسیونی و ئەم دوو ڕووییەش دەبێتە کەلێنێك لەکەسایەتی ئەو کچانەداو جوانییان ئەشێوێنیٚ، وەك کەمال میراودەلی دەڵیٚ:

((ئەو جوانانە (دڵیان تاریك) بووە، واتە تەنها جوانی ڕوویان هەبووەو جوانییەكی رۆحی تێدا شك نەبردوون)).(١٢)

رەهەندی چوارەم: رەهەندی هزری (ئایدۆلۆجی):

سەرچاوەی ئەم رەهەندە ڕادەی ژیری و رۆشنبیری كچە، دیدی گۆران بۆ جوانی بایەخێكی گرنگ دەدات بەم جوانیەو دەبێتە تاجی گوڵی هەموو رەهەندەكانی پێشوو كە دەكرێ فەرامۆش بكرێن، بەلاَم ئەم رەهەندە ناكرێ لەبیرچێ و لەهەمان كاتدا دەبێتە مایەی وروژاندنی هەستی جوانی:

لەبەرئەوە، ئەی قژ زەردی بێگـــانە،
جیلوەی جوانیت لە بیرم چێ ئاسانە،
بەلاَم ئەوەی لێی ورووژاندم هەستم،
ئەو كتێبی شیعرەیە داتە دەســتم!

هێمای سەرەكی ئەم رەهەندە لەو (كتێبی شیعرە) دا بەدی دەكرێت كە ئاماژە بۆ باری رۆشنبیری ئەو كچە بێگانەیە دەكات كە بایەخدەدات بە زانست و هونەر، هەرچەندە ئەم كچە رەهەندەكانی تری جوانی تێدایە بەلاَم ئەم رەهەندە بەشێوەیەكی سەرەكی دەبێتە هۆی نەمری جوانی ئەو كچە بێگانەیە لەهەست و بیری گۆراندا:

گران هەتا دوا هەناسەی ژیـــــانم
لەبیرم چێ ئەو جوانەی دای نیشانم

لەمەش زیاتر بوونی ئەم رەهەندە جیاكەرەوەی سەرەكی ئەم كچەیە لەهەموو كچانی بێگانە و كچانی خۆمان، لەگەڕانەوەدا بۆ ئەو جەدەلەی دەستپێكی هۆنراوەكە (زۆر....) و ناونیشانی هۆنراوەكە (كچێكی بێگانە) دروستی دەكات بە خوێندنەوەی ئەم وێنەیە لەنێوانیاندا دەتوانین بگەینە پەنهانی ڕاڕایی گۆران و نامۆیی و چلاَوچلێ كردنی بەدوای جوانیدا، و دەتوانین بلێین ئەو چلاَوچلێ كردنە بەمەبەستی دۆزینەوەی تاكە چلێك یان گوڵێك بووە، لێرەدا بوونی ئەم رەهەندە رۆشنبرییە لەو كیژە بێگانەیەدا كە ئەوكاتەی گۆران لەوانەیە لەكچانی مەڕخۆماندا كەم بووە، بایەخ و گرنگی ئەم رەهەندە رۆشنبیرییە لەوەدا دەردەكەوێت كە گیانی جوانی دێنێتەوە بەبەر هەموو رەهەندەكانی ترداو ئەیان بوژێنێتەوە و تام و چێژێكی تایبەتیان پێدەدات و جوانیان زیاتر جوان دەكات.

ئەوەی سەرنج ڕاكێشە لەرستی ئەم رەهەندەدا كۆكردنەوەو گرێدانی دیوانەكەی (برۆنس) (١٣) و كچە پێكەوە لەیەك وێنەدا، هەردووكیان لەیەك دەچن و دەبن بەیەك، نەغمەی شیعر دەبێت بەگریان و پێكەنینی كچ یان گریان و پێكەنینی كچ دەبێت بە نەغمەی شیعر:

دیوانەكەی (برۆنس) كە نەغمەی شیعری،
ئەڵێی كچە پێ ئەكەنێ، یان ئەگری!..

هەرچەندە گرێدانی نەغمەی شیعر كە لەیەك كاتدا هێمای سۆزو رۆشنبیرییە لەگەڵ جوانی كچ دا خۆی بۆ خۆی مەغزای تایبەتی خۆی هەیە لەدیدی گۆراندا، لەمەش زیاتر كاتێ (گریان و پێكەنین) كە هێمای ژیانە

بەخۆشی و ناخۆشییەوە دەچێتە ناو پێکهاتەی وێنەکەوە لەیەك تابلۆی جولاّودا زیاتر وێنەکە چڕ دەکاتەوە و نیشانەیەکی بەهێزە بۆ ڕۆچونی جوانی کچ بەناخی گۆراندا لەلایەکەوە و لەلایەکی ترەوە ناتوانرێ نەجوانی هونەر ( نەغمەی شیعر ) و نەجوانی ژیان ( گریان و پێکەنین ) لەجوانی کچ جیابکرێنەوە، و هەریەکێ لەم سێکوچکەیە ماناو جوانیان تەواو نابێت ئەگەر جوانی هەرسێکیان لەیەك تابلۆدا کۆنەبێتەوە... لەم بازنەیەدا دوا کۆپلەی ئەم هۆنراوەیە :

گران هەتا دوا هەنـــاسەی ژیـــانم،
لە بیرم چێ ئەو جوانەی دای نیشانم :
دیوانەکەی ( برۆنس ) کە نەغمەی شیعری،
ئەڵێی کچە پێ ئەکەنێ، یان ئەگری ! ..

خوێندنەوەیەکی کەش هەڵدەگرێت و بیرۆکەیەکی تر لەخۆیدا حەشار دەدات، بەتایبەتی ئەگەر بکەری کرداری نیشاندانی ئەو جوانە لەڕستەکەدا بدرێت بە (دیوانەکەی برۆنس) ئەم بیرۆکەیە بەرەو ئەوەمان دەبات کە ئەم کیژە بێگانەیەش هۆیەکە بۆ کەسایەتی ئەو کچە جوانە کە تەنیا لەجیهانی هونەردا ( دیوانی شیعر ) دا بوونی هەیە، و لەواقیع دا بوونی دەگمەنە....

## ئە نجام

چەمکی جوانی چەمکێکی ئاڵۆزو فرە لایەنە، پەیوەستە بەزۆر لایەنی ژیانەوە، بەخۆشەویستی و سێکس و باری دەرونی و باری بوونی (وجودي) مرۆڤەوە، بەشێوەیەك ناتوانرێت بەتەواوی ئەم چەمکە دیاری بکرێت و سنوری بۆ دابنرێت...دەربارەی ئەم چەمکە،و چێژ و بەرجەستەبوونی لەکەسایەتی کچ یان ژندا لەم دەقەدا دەتوانرێ دیدی گۆران و ڕەهەندەکانی جوانی ناو دەقەکە لەم چەند خاڵەدا خەست بکرێنەوە.

لەگەڵ گرنگی ئەم هۆنراوەیە لەو ڕووەوە کە هەر چوار ڕەهەندەکەی جوانی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، لەلایەکی ترەوە هەرسێ هەستی مرۆڤی خستۆتە ڕوو بەرامبەر بەجوانی کچ کەلەسێ جۆری خۆشەویستی دا خۆیان دەنوێنن، سێکسی (غریزي - جنسي) و دەرونی (عاطفي) و بوونی (وجودي) لەهەمان کاتدا نشوستی هێنان لەهاتنەدی هەریەکێ لەم سێ هەستە، سێ جۆر لەئاڵۆزی و نەخۆشی لێدەکەوێتەوە بەرامبەر بەهەر ئاستێك لەو سێ ئاستە، لەئاستی سێکسی دا ( برسێتی ) واتە دانەمرکاندنەوە، و لەئاستی دەرونی دا ( هەر ئاوارە ) واتە نامۆیی (الإغتراب)، و لەئاستی بوونی (وجودي) دا ( هەر سەرگەردان ) ونبونی خود (ضیاع الذات) دەگەیەنێت وەك لەم دێڕەدا بەرجەستە کراوە :

( <u>هەر سەرگەردان</u> <u>هەر ئاوارە</u> <u>هەر برسی</u> )

١. هەرچەندە کچ یان ژن بەشێوەیەکی گشتی جێگەیەکی بەرزو بالاّو تایبەتی هەیە لەدیدو ژیان و هونەری گۆراندا، بەلاّم لەهەمان کاتدا وتاری ئەم دەقە گازەندەیەکی تیژی حەشارداوە بەرامبەر ژنان کە ناشارەزاو نەزانانە مامەڵە لەگەڵ جوانی و کەسایەتی خۆیاندا دەکەن بەتایبەتی لەبواری کۆمەلاّیەتی دا ( نیهادی ئێجگار دڕ بوو ) کە دەبێتە هۆی شێوانی جوانی و خۆشەویستی، لەم بازنە کۆمەلاّیەتیەدا گومان لەوە ناکرێ کە زۆرجار ژنان لەچینە دواکەوتووەکانی کوردەواریدا ستەمیان

لێكراوەو زەرەرمەند بوون، هەرچەندە ئەمە گوزارش لەباری ژنانی كوردەواری ناكات بەگشتی و لەلایەكی تریشەوە ئەم بارە ناپەسەندەی ستەم نابێت بكرێت بە بەهانە بۆ گڕخۆشكردنی جەنگ لەنێوان ژن و پیاودا كە زەرەرەكەی بەسەر هەردوولاو خێزان و كۆمەڵدا زیاتر دەشكێتەوە، وەك ئاشكرایە گۆران پێشكەوتووخواز بووە، و پڕ بەدڵ لەگەڵ مافی ژناندا بووە بەڵام ئەم گلەیی و گازەندەیەی دەچێتە ژێر ئەو خانەیەوە كە هەڵە بەهەڵەیەكی گەورەتر ڕاست ناكرێتەوە بەڵكو دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ گەیشتن بە هەڵوێستێكی هاوسەنگ بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە.

٢. گۆران هێڵ بەهێڵ و خاڵ بەخاڵ وێنەی جوانی هەریەك لەئەندامەكانی سەراپا لەش و لاری ژنان دەنەخشێنێت لەگەڵ لەنجەولارو نازو خەندەو بزەو نەوای دەنگی خۆشیان، ئەم لایەنە ئاشكراو دیارە لەسەراپا هونەری گۆراندا، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم رەهەندە ( رواڵەت ) بەتەنیا پەیكەری جوانی ناتاشێ بەڵكو بەكۆبوونەوەی هەرچوار رەهەندی جوانی (رواڵەت، دەروون، كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ) لەكەسایەتی كچ دا رستی ملوانكەی جوانی دەهۆنرێتەوە، ئەم كەسایەتیەش لەواقیع دا دەگمەنە یان زۆر كەمەو زیاتر زادەی هونەرە....

٣. لەئەنجامی خوێندنەوەی هونەری گۆران خوێندنەوەیەكی وردو قوڵ دەتوانین بگەینە دۆزینەوەی چەند رایەڵێكی هاوبەش لەسەرجەمی ئەو هۆنراوانەدا كە بەدەوری خولگەیەكدا دەخولێنەوە، و دۆزینەوەی ئەم هاورایەڵییە تارادەیەك دەچێتە ژێر چەمكی نێو دەقی – دەق ئاوێزان (البینصیه – التناص ) ەوە، وەك لێرەدا لەشیكردنەوەی ئەم هۆنراوەیەدا خراوەتە ڕوو لەنێوان ئەم دەقە (بۆ كچێكی بێگانە ) و دەقی ( جوانی بێ ناو ) دا.

## پەراوێزەكان

١. دەقی ئەم هۆنراوەیە دەكەوێتە لا ٤٧-٤٩ لەدیوانی گۆراندا.

٢. هەرچۆن لەواقیعی ژیاندا ئەم رەهەندانە جیاناكرێنەوە، لەدەقە هونەریەكانیشدا ئاوێزانی یەكترو تەواوكەری یەكترن، بۆنمونە لەهونەری چیرۆكدا د.عدنان خالد دەربارەی دەرخستنی كەسایەتی لای چیرۆك نووسان دەڵێ: ( هەندێ لە چیرۆك نووسان پەنا دەبەنە بەر وەسپی رواڵەتی دەرەوە ( شێوەو جل و بەرگ ) ی كەسایەتی چیرۆكەكانیان و ئەم وەسپە دەكەن بەرێ نیشاندەر ( دلیل ) بۆ باری دەرونی ئەو كەسایەتیانە.. ) { ئەڕوانرێ بۆ: النقد التطبیقي التحلیلي: د.عدنان خالد عبدالله: لا ٦٩ }

٣. بۆ زیاتر قوڵبونەوەو سود وەرگرتن ئەڕوانرێ بۆ: دیالێكتیكی وردیلەیی و قەبەیی لەهۆنراوەی ( جوانی بێ ناو ) ی گۆراندا، د.لەتیف محەمەدحەسەن، گۆڤاری زانكۆ، ژ١٥،ساڵی ٢٠٠٢.

٤. گۆڕینی ئەم زاراوەیە ( intertextuality ) لەسەرچاوە ئەوروپیەكەیەوە بۆ عەرەبی ( التناص ) وەك د.عبدالعزیز حمودە دەڵێت پڕ بە پێستی نیەو زیاتر ( البینصیة ) كەلە ( بین – inter ) و ( نص – text ) پێكدێت نزیكترە لەزاراوەكەوە، لەسەر ئەم ڕایە زاراوەكە لەزمانی كوردیدا

(نێودەقی) یان (دەقە ناوەکی) بەرامبەرێتی، هەرچەندە چەند نووسەرێکی بەرێز (دەق ئاوێزان) بەکاردێنن کە بەمانای تێکەڵبوون و پێوەلکان دێت. {ئەڕوانرێ بۆ: المرايا المحدبة من البنيوية الى التفكيك، د.عبدالعزيز حمودة: لا ٣٦١ }

٥. المرايا المحدبة: د.عبدالعزيز حمودة: لا ٣٦٢.

٦. د. على كمال دەربارەی ئەنجامی لێکۆڵینەوە مەیدانیەکانی دەروونی دەڵێت: (وا دەردەکەوێت نیشانەو رواڵەتەکانی لەش لەژندا زیاتر جێی راکێشان (جذب) ی پیاوانن) {الجنس و النفس في الحياة الأنسانية، د.على كمال: لا ٣٩٠}

٧. دەربارەی گرتە (لقطة) سینەماییەکان و گواستنەوەیان لەبەشەوە (الجزء – الصغير) بۆ گشت (الكل – الكبير) جیل دولوز لە پەرتووکەکەیدا دوو بەشی تەرخان کردووە بۆ ئەم تەکنیکە، یەکەمیان بەناوی (وێنە – کردار – شێوەی گەورە) و دووهەمیان بەناوی (وێنە – کردار – شێوەی بچوك) هەریەکێك لەم تەکنیکانە مەغزای تایبەتی خۆیان هەیە بەپێی پێویست و شوێنی تایبەت. {ئەڕوانرێ بۆ: الصورة – الحركة أو فلسفة الصورة: لا ١٩٣-٢٣٨}

٨. لذة النص: رولان پارت: ٣٣.

٩. بۆ نمونە ئاماژە دەکەین بۆ چەند وێنەیەك لەو وێنانەی کە جووڵەی جوانی ڕەوت و نازی کچیان تێدایە لەدەرەوەی ئەم دەقەدا:

١٠. رۆژ نەبوو یار بەلە نجـەولار

١١. چەشنی ئاسکی هەردی بەهار

١٢. بە بەردەمما نەکـــا گوزار

١٣. نەمپێکێ نێو نیگای خومار {دیوانی گۆران: ٢١-٢٢}

١٤. * * *

١٥. لێت بێ بزەی مانگە شەوی

١٦. بەژنی رێك و رەوتی کەوی {دیوانی گۆران: ٢٩}

١٧. * * *

١٨. چەن جوانی بەرەو مەغریب ئەچی زەردە ئەدا لێت

١٩. پرشنگی خشڵ ئەبڵەق ئەکا دەوروبـــەری ڕێــت

٢٠. وەك سوێسکە برۆ ئاسکە نیگای چاوی رەش و مەست

٢١. پڕ عیشوە بچەرخێنە ئیتر هیچ مەبە دەربــەســت {دیوانی گۆران: ٣٢-٣٣}

٢٢. * * *

٢٣. بەرەوتی کەو لە نجەی تـــاوس و قومـــری

٢٤. گورج گورج جوان جوان ئەهات جادەی ئەبڕی {دیوانی گۆران: ٣٥}

٢٥. دەربارەی کەسایەتی کە تەنیا رواڵەت نیە بەڵکو هەڵسوکەوتیشە، سدفیلد دەڵێت: (کەسایەتی هەڵسوکەوتیشە و کرۆك (جوهر) ی کەسایەتی کردارە، و هەڵسوکەوتی کەسایەتیش بوونێتی) {السيناريو: سيدفيلد: لا ٤٩}

٢٦. ئەڕوانرێ بۆ: الإنسان بين الجوهرو المظهر: اريك فروم: لا ٦٦.
٢٧. سروشت و جوانی لەشیعری گۆراندا: کمال میراودەلی: لا ٦١، نوسەری کورد ژ ٩، ساڵی ١٩٧٣.
٢٨. ئەم شاعیرە (برۆنس) کە دیوانەکەی کاری کردۆتە سەر هەستی گۆران، وا دەردەکەوێ (Robert Burns) بێت کە شاعیرێکی سکۆتلەندیە، و باوکی جوتیار بووە لە (Agrshire)، هەرلەوێ (Burns) لەدایك بووەو ئەویش لەسەرەتای ژیانیدا جوتیار بووەو پاشان وەك شاعیرێکی بەهرەمەند ناسراوە، بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤ دۆست بووەو بەتایبەتیش ژنانی خۆشویستووە (ئەم لایەنەش خاڵێکی هاوبەشە لەنێوان Burns و گۆرانداو هۆیەکی سەرەکییە لەکاریگەری بۆ سەر گۆران) دوای بڵاوکردنەوەی یەکەم دیوانی ساڵی ١٧٨٦ ناوبانگی دەرکردووەو لەجوتیارێکەوە بووە بە جێی شانازی کۆمەڵ و دانیشتووانی (Edinbrgh) و باشترین هۆنراوەکانی لەبیستەکانی تەمەنیدا نووسیوە، کاتێ ئەدیبی بەناوبانگ ولتر سکوت لە (Edinbrgh) بینیویەتی، وتویەتی (Burns) خاوەنی چاوێکی پرشنگدارە کە لەکەسی کەم نەبینیوە. {ئەڕوانرێ بۆ: Dictionary of Literature, p 41}.

## سەرچاوەکان


١. الإنسان بين الجوهر و المظهر، اريك فروم، ت: سعد زهران، عالم المعرفة (١٤٠) الكويت آب ١٩٨٩.
٢. الجنس و النفس في الحياة الأنسانية، د.على كمال، دار واسط، لندن ط ٢ / ١٩٩٠.
٣. دیالێکتیکی وردیلەیی و قەبەیی لەهۆنراوەی (جوانی بێ ناو) ی گۆراندا، د.لەتیف محمد حسن، گۆڤاری زانکۆ، زانستی مرۆڤایەتی، ژمارە ١٥، کانونی دووەم ٢٠٠٢.
٤. سروشت و جوانی لەشیعری گۆراندا، کمال میراودەلی، نوسەری کورد، ژمارە ٩، ساڵی ١٩٧٣.
٥. سەرجەمی بەرهەمی گۆران، دیوانی گۆران، گۆران، کۆکردنەوەو ئامادەکردن و پێشەکی نووسینی محمدی مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٨٠.
٦. السيناريو، سدفيلد، ت: سامي محمد، دار المأمون للترجمة و النشر، بغداد ١٩٨٩.
٧. الصورة – الحركة أو فلسفة الصورة، جيل دولوز، ت: حسن عودة، دار الثقافة، المؤسسة العامة للسينما، دمشق ١٩٩٧.
٨. لذة النص، رولان پارت، ت: د.منذر عياشي، مركز الإنماء الحضاري، دمشق ط ١ / ١٩٩٢.
٩. المرايا المحدبة من البنيوية الى التفكيك، د.عبدالعزيز حمودة، عالم المعرفة (٢٣٢) الكويت ١٩٩٨.
١٠. النقد التطبيقي التحليلي، د.عدنان خالد عبدالله، سلسلة كتب شهرية آفاق عربية، دار الشؤون الثقافية، ط ١، بغداد ١٩٨٦.
١١. Dictionary of Literature (1995), NA, Brockhamplon press, London.

## الملخص

### (أبعاد جمال المرأة في قصيدة ـ إلى فتاة أجنبية ـ لطوران)

تتضمن هذه القصيدة (إلى فتاة أجنبية)، التي هي محط هذا البحث، سمات الجمال في المرأة، وتكمن أهمية هذا البحث وتحليله النقدي لهذا النص في الكشف عن التلاحم بين الجمال والأبعاد الأربعة (الطبيعي، والنفسي، والاجتماعي، والفكري) للشخصية من جهة وفي الكشف عن الإثارة الجمالية لهذه الأبعاد في مستويات ثلاث (الجنسي ،والعاطفي ، والوجودي ) .

وبشأن خطاب النص، الذي يشير في الوقت نفسه إلى رؤية مبدعه (گوران)، فإنه يؤكد أن جمال المرأة لا يقتصر على البعد الطبيعي (الفيزيائي) ولا على أي بعد آخر من تلك الأبعاد لوحده، إذ لا يكتمل جمال المرأة إلاّ بتكاتف الأبعاد الأربعة، المشار إليها، معاً في شخصيتها ـ وإنْ كان هذا نادراً ما يحصل في الواقع ـ ولعل هذه الفكرة هي التي تمثل البؤرة المتجلية للقراءة النقدية والتحليل الفني الإجرائي للنص.



## ABSTRACT

### *Aspects of woman's beauty in Goran's poem "To a strange lady"*

*This poem (To a strange lady) which is the core of this study comprises the beauty characteristics of the woman. The importance of this study and its critical analysis to this text lies in discovering the blending between the beauty and the four dimensions (physical, psychological, social, and ideological) of personality on one hand and discovering the beauty irrigating of these dimensions on three levels: (sexual, sentimental, and existantial).*

*As regard to the text-discourse which refers to the view of his creator, Goran, it is not ristricted to the physical dimension only, neither any of these dimensions a lone , for the beauty of the woman is not completed but by unifying these four above-mentioned dimensions in personality. Although this is rare in reality, the idea may be a focus for a critical reading and a practical artistic analysis of the text.*